

# شێوازە تازەی کراسی بووک

زۆربـــەی کچـــان هەستیان ناسکە، هەمیشە بـــە وردییەوە دەڕواننە لایەنی جوانی جەســـتە و جل و بەرگ، ئەوان زیاتر گرنگی بە هەموو پارچەیەکی جل و بەرگی خۆیان دەدەن. هەســـتیاریی کچان وادەکات زیاتر پەرە بە هەڵبژاردنی جلێك لە نێوان کۆمەڵە جلێکدا بدەن، ئەوەش بە گوێرەی خواست و ویستی ئەو خانمانەیە کە لە نێو دەیان جۆر و ســـتایلدا، یەك جۆر جل و بـــەرگ هەڵدەبژێرن. هـــەر کچێك بۆ ئەوەی لـــە ڕۆژی زەماوەندی

# ئەڵقەیەکی نایاب بۆ پەنجەت





خولیابوونت بە ئێکسسوار، هەنگاوێکی گرنگە لە جوان کردنی خۆتدا، لەو کاتەی کۆمەڵێك ئێکسسوارت هەن کە دەتوانی هەر یەکەیان لەگەڵ جل و بەرگێکدا لەبەر بکەی، تەنانەت لە کاتی لەبەر کردنی هەر جل و پۆشـــاکێکدا هەوڵبدە ئێکسسوارەکە لەگەڵ ئەو جل و پۆشاکەدا گونجاو بێت، واتە لێك بوەشێنەوە. هەر جۆرە ئێکسسوارێك بایەخ و جوانی خۆی هەیە، بەڵام هەوڵبدە لە هەڵبژاردنی هەر خشـــڵ و ئێکســـــــوارێك ژیر و لێهاتوو بە. هەندێ جار لە کڕین و هەڵبژاردنی ئێکسسوارێك دوو دڵ دەبی، ئەوەش ئاساییە. دەشتوانی پرس و ڕا بە هاوڕێیەك یان دۆســـتێکی نزیکت بکەی تا هاوکارت بێت لە هەڵبژاردنی جۆرە ئێکسسوارێکی شایستە و گونجاو. بۆ هەڵبژاردنی ئێکسسوار، وا چاکە هیچ کامێك لە خەیاڵتدا دادەمێنێ، بەڵکو کامەی بەرچاوت کەوتن و بە دڵت بوون، هەڵیانبژێرە و لەبەریان بکە، چونکە زۆربەی خشڵ و ئێکسسوار بە پێی جوانی خۆیانەوە دەکەونە بەر دڵان، هەندێکیان کە دانراون لە شـــوێنی نمایشی دووکانێك یان فرۆشگەیەك ئەوەندە سەرنج ڕاکێش نابن، تا ئەو کاتەی کچێکی شۆخ و شەنگ لەدەستی دەکا یان لەبەری دەکا، ئینجا جوانییەکەی بـــە تەواوی بەدەردەکەوێ. ئەو خانمانەی تازە ژیانی هاوســـەریان پێکهێناوە یان ئەو کچانەی مارەبڕن، دەبێ ئەڵقەیەکی جوانیان لە پەنجەدا بێ. ئەوەش وەك هێمایەك بۆ دەربڕینی هەســـت و خۆشەویستی بۆ کەســـی بەرامبەر. ئەڵقەی پەنجەشت بە ســـەلیقەیەکی جوان هەڵبژێرە، کە شێوەیەکی خنجیلانە و ڕەنگێکی نایابی هەبێ، دەبێ ئەوەش بزانین کە ئەڵقەیەکە ڕەنگی زەردە و نقێمێکی ئەڵماســـی لەسەرە، ئەوەش باوترین جۆری ئێکسسواری ئەڵقەیە، چونکە جوانییەکی ناسکی هەیە و لەگەڵ جوانی و نەرمی دەست و پەنجەت دەگونجێن.





خۆیدا لە بەردەم ئامادەبووان و میوانان وەك شازادەیەك دەرکەوێ، پێویستە جلێکی نایابی کراسی بووك ناسراوە هەڵبژێرێت. لەگەڵ سەرەتای هەر ساڵێکدا، چەندین شێوازی تازە لە مۆدەی کراسی بـــووك دێتە کایەوە، ئەوەش ڕێگر نابێ لـــەوەی تۆی خانم ئەو کراسە دیاری بکەی کە خۆت مەبەستتە، دواتریش شانازی بەو جلەوە بکەی کە هەڵتبژاردووە کە لەگەڵ قەشەنگیی جەستەت بە جوانترین شـــێوە دەربکەوێت. کارێکی دروست دەکەی ئەگەر یەکێك لەو جلانەی کراسی بووك بۆ ڕۆژی ئاهەنگت هەڵبژێری تا نازناوی شازادە و جوانترین بووکت پێ بدەن.

# گیراوەیەک بۆ نەرم و نیانی دەستت



هەر بەشێکی جەستەت، ڕەنگدانەوە و ئاوێنەی جوانیتە. دەستی کچـــان و خانمان یەکێکـــن لە ئاوێنەی جوانیـــان، لەو کاتەی بە ســـپێتی و نەرم و نیانی دەبن، بۆت دەبنە لوتکەی جوانی. بێجگە لە نەرمی پێستی دەست، هەروەها ڕێکی لە نینۆکەکانیش ڕوویێکی دیکەی جوانی دەستت پێکدەهێنن. کچان بە نەرم و ناسکی دەست و مەچەکیان دەناســـرێن، بۆ وەدەست هێنانی سیحرێکی جوانی بۆ دەستت، چاودێری ڕۆژانەی پێویستە، ماوە ماوەش کرێم و گیراوە لێبدە تا هەردەم بە پاك و ناســـکی بمێنێتەوە. نەرمی و ناســـکی دەســـتت بە گرنگیدانی تۆوە بەندە، تاوەکو پێســـتی دەستت ناسك بێت. خانمان دەتوانن زیاتر دەستیان جوان بکەن، ئەوەش لە ڕێگەی پاك ڕاگرتنی پێســـتی دەســـت و یان دەتوانن گیراوەی سرووشتی ئامادە بکەن. لێرەدا باس لەو گیراوە سرووشـــتییە دەکەین، کە بۆ نەرمی و جوان کردنی دەستت بەسوودە.

بـــۆ نەرم کردنەوەی پێســـتی دەســـت، گیراوەیەکی ســـادە هەیە و کاریگەری تەواوی هەیە لە زیندوو کردنەوەی خانەکانی پێستی دەست، تۆی خانمیش هەوڵبدە گیراوەکە دروســـت بکەی کە لەم کەرەســـتانە پێکدێ :

- (٢) کەوچك شەکر، (٢) کەوچك لیمۆ، (١) کەوچك خوێ، (٤) کەوچك ڕۆنی زەیتوون.
- ئەو چەند کەرەســـتەیە تێکەڵ یەکتر دەکرێ، دواتریش لە دەستی خۆتی بدە، بە مەرجێك هەموو بەشێکی پێستی دەست بگرێتەوە و داپیۆشێ.

-سەرەتا دەبێ پێستی دەستت جوان بشۆی، لێبگەرێ تا بە خۆی وشك دەبێتەوە. پاشان گیراوەکە لە دەستت بدە.

-ڕۆژانە بۆ ماوەی (٥) خوولەك ئەو گیراوەیە لە دەســـتت بدە. پاشـــان دەســـتت بە ئاو بشـــۆ، هەوڵبدە بۆ ماوەی دوو هەفتە لە بەکارهێنانی ئەم گیراوەیە بەردەوام بە و ئنیجا گۆڕانکاری تەواو لە جوانی و نەرمی دەســـتت بەدی دەکەی.

# مۆدەی جلی کوردی کۆن و ئێستا



وێڕای ئەوەی جل و بەرگی کوردی لەو سەردەمەدا، گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەسەردا هاتووە بەرانبەر بە مۆدە و شێوەی پێشووی، کەچی شێوازە ڕاستەقینەکەی خۆی پاراستووە و تەنانەت پارێزگاریان لە نەخشی ڕەسەنی خۆی کردووە، تەنیا چەند گۆڕانکارییەکی سادە نەبێ، کە ئەوەش بەپێ خواست و ویستی دیزاینەرانی جل و بەرگی کوردی کاریان لە سەر کردووە. ئەوەی لەم وێنەیەدا دەبینین کچێکی کوردە بە جلی کوردی، مێژووی ئەو وێنەیە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٠٤)ی زایینی. جوانی جلی کوردی شیاوی ئەوەیە کە بڵێین ئەگەر وەك پێویست ڕێکلامی بۆ بکرێت و دیزاینەری بە تواناش هەبێ، ببێتە مۆدەیەکی دیار و مۆرکێکی جیهانی بە خۆوە بگرێ، تەنانەت وەك جلی مارکە لە لوتکەدایە و هێشتا بەرەو هەڵکشانە لەلایەن کچان و خانمانی شۆخ و شەنگی کورد. تەنانەت ئەورۆش لە چەندین وڵاتی جیا جیا ئەو جلە دەپۆشرێ وەك ئەو کوردانەی لە وڵاتانی بیانیدا دەژین، لە ئاهەنگ و یادی نەتەوەیی و نیشتمانیدا جل و بەرگی کوردی دەپۆشن و بوونەتە مایەی ئەوەی ستایلی جلی کوردی لە ئوستراڵیاوە تا دەگاتە ئەمریکا و کەنەدا لە شوێنی جیاجیادا بەرچاو بکەوێ. جلی کوردی لە چەندین پارچەی جیا جیا پێکدێ، کە ئەوانەن : کراس، ئێلەگ، کەوێ، ژێر کراس، سەڵتە، دەرپێ، پشتێن، کڵاو هتد.. ئەوانە بەشە سەرەکییەکانی کراسی کوردین، بەڵام بەم دواییە چەندین پارچەی دیکەش هاتۆتە سەر ئەوانەی باسمان کرد، وەك :کلێتە و پشتێنی قایش، نەخش و پەڕپەڕە، ئێلەگی کورت و درێژ، ڕوونی لە قوماشی کراسەکە، نەخشی تازە لە شێوەی کراسدا. هەڵبەت دەبێ بزانین کە جلی کوردی سیفەتێکی گرنگی هەیە، ئەویش کەسایەتی بەو کەسە دەبەخشێ کە لەبەری دەکا، هەروەها جوانیەکی ناسك بە جەستەی خانمان دەدات، تەنانەت وادەکات کەسانی بەرانبەر سەری ڕێز و شەرمی بۆی بنوێنن، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا شێوە ڕەسەن و ئۆرجینالەکەی خۆی لە دەست نەداوە و تەنیا بەرەو تازەگەری و گۆڕانکاری وردە وردەی لە شێوە و مۆدەی تازە خۆی دەچێ.

# دیواری خۆشەویستان!

دیوارێکە، لە شێوەی تابلۆیە، جگە لەوەش تابلۆیەکی گشتییە، هەر کەسێك بۆی هەیە لەسەر ئەو دیوار تابلۆیە پەیامی خۆشەویستی خۆی بنێری بۆ ئەو کەسەی لە دڵیدایە. بە تابلۆی خۆشەویستی ناسراوە، کە لە ناوچەی (دی ئەسیسی)یە لە شاری پاریسی پایتەختی فەڕەنسا. لەم تابلۆ گشتییەدا، زیاتر ڕستەی (خۆشم دەوێ) لە سەر ئەو دیوارە پڕ بە هەست و سۆزەدا بەدی دەکرێ، لەگەڵ هەندێك قسەی دیکەش، بەڵام زیاتر ئەو ڕستەیە دووبارە دەبێتەوە، ئەوەی جێگەی تێڕامانە ئەو ڕستەیە بە نزیکەی (٣٠٠) زمانی جیهانی و جیاواز نووسراوە. ڕووبەری ئەو دیوار تابلۆیە دەگاتە (٤٠) مەتر دووجا، ئەو بیرۆکەی دانانی دیواری ئاشقان لەلایەن دوو هونەرمەندی ئەو وڵاتە کە ناویان (فرانسوا بارۆن و کلێر کیتۆ)ەوە داهێنراوە، زیاتریش ئەوانەی پەیامێکی خۆشەویستی یان ئاشتی و پێکەوە ژیانیان لە دڵە، دێن و لەسەر ئەو دیوارەی دەنووسن تاوەکو پەیامێك بێت بۆ گشت ئەو کەسانەی بە بەردەمی ئەو دیوارە تێپەڕ دەبن و دەیخوێننەوە.





# ڕۆژی پۆشینی جلوبەرگی کوردی

ئەمڕۆ دووشـــەممە ١٠ ئادار دیاریکراوە بۆ ڕۆژی پۆشـــینی جلوبەرگی نەتەوەیـــی بۆ هەموو فەرمانبەران و مامۆســـتایان و قوتابیان. لەم ڕۆژەدا دەوام ئاســـاییە بە پۆشینی جلوبەرگی نەتەوەییەوە، چونکە هەر نەتەوەیەك پەیوەســـتە بە پاراستنی خاك و کلتوور و زمان و فەرهەنگی ئەو نەتەوەیە. جلوبەرگی کوردیش وەك هێمایەکی نیشتمانی پێویستە بخرێتە چوارچێوەی ئەو پاراســـتنە و ئەرکی هـــەر تاکێکی کوردە کە هەوڵ بۆ ناســـاندن و پاراســـتنی کلتووری خۆی بدات. دەستنیشانکردنی ڕۆژێك بەناوی ڕۆژی جلوبەرگی کـــوردی هەنگاوێکە دڵخۆشـــکەر و کارێکی پیـــرۆزە، لە هەمان کاتـــدا خۆ ئامادە کردنە بۆ دەســـتپێکردنی ئاهەنگەکانی ئادار و نەورۆز.

# باڵەخانەیەک بە جوانترین ئەندازە

داهێنانی ســـەیر لە بـــواری ئەندازیاری گرنگی خـــۆی هەیە، لەم چەند ســـاڵەی دواییدا گرنگی ئەوتۆ دراوە بە دروســـت کردنی چەندین باڵەخانەی گەورە کە بە چەندین شـــێوەی ئەندازیاری سەیر لە خۆ دەگرێ. ئەو کارانـــە دەبێتە داهێنانێك لە بواری ئەندازیاری سەردەم. یەکێك لە جوانترین باڵەخانەکانی جیهـــان، ئـــەو باڵەخانەیە لە وڵاتـــی ئەرژەنتینە و لە شـــێوەی گوڵ دروســـت کراوە، لەلایەن ئەندازیارێکی تازە پێگەیشتوو کە ناوی (هیرناندیز والدۆ)یە. ئەوەی جێگەی ســـەرنجە ئەو باڵەخانەیە لە (٤) نهۆمی جیا پێکهاتووە، لە کاتێکدا تەلارەکە کە لە شێوەی گوڵە لەسەر ستوونێك وەستاوە، ئەگەر لە دوورەوە سەیری بکەی، دەڵێی: ئەو باڵەخانەیە ئێســـتا دەکەوێ ! ئێمەش خۆزگە دەخوازین کە باڵەخانەی ئاوا جوان و سەیر لە کوردستاندا ببینین، تەنانەت وەك وڵاتانی جیهانیش لە بواری ئەندازیاری باڵەخانەکاندا پێشکەوتوو بین.



## کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

کارێکی نوێت پێ ڕادەسپێرن، پێویستە بەباشی بیری لێ بکەیتەوە وە بەجوانی لێی وردبیەوە، هەوڵبدە لەگەڵ هاوڕێکەت پڕۆژەکە بەزوویی جێبەجێ بکەی و دوای نەخەی، چونکە ئێستا کاتەکەی گونجاوەو لەبارە.

## گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

لەلایەنی خۆشەویستیەوە پەیوەندییەکی نوێ لەئاسۆوە دیارە، ئەگەر خوازیاری پەیوەندییەکی ڕاستەقینەی ئەوا ئێستا کات لەبارە لەدەرگات دەدا، بەڵام تۆ نازانی چۆن دەرگای لێبکەیەوە.

## دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠

ئاگاداری باری داراییت بەو خۆت لە زیادە مەسرەفی بەدوور بگرە، لەبواری سۆزداریەوە پێویستیت بەکەسێکە لە ژێر باڵەکانی بحەسێیتەوە و بەرەو ژیانێکی جێگیرت دەبات.

## قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

هەستی شەشەمت بەکاربێنە بۆ ڕوانین لەدوارۆژت و بێ بیرکردنەوە و ڕامان بڕیار مەدە، هەڤاڵێکی خۆشەویستت پێویستی بەیارمەتی تۆیە، چونکە تۆ تەنیا کەسی کە بەتەواوی تێیدەگەی.

## شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

لەئیش و کارەکەتا هەندێ کاریگەری جۆراو جۆر هەیەو بەشێکیان بەشێوەیەکی نێگەتیڤانە بەسەرتدا دەشکێتەوە، بەهۆی بەهێزیت سەرکەوتن لێت نزیك دەبێتەوە.

## گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

هەندێك شتت بۆ ڕوون دەبێتەوە کە ماوەیەکی زۆرە هۆشی داگیرکردووی و دەبێتە هۆی ئازارێکی زۆر بۆ باری دەروونیت کە خۆزگە دەخوازی هەر تێنەگەیشتبای.

## تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

کەمێك کاتت تەرخان بکە بۆ یارمەتیدانی یەکێ لەئەندامانی خێزانەکەت، پەیوەندی هاوڕێیەتی لەگەڵ کەسانی غەریب و نەناس سوودی بۆت دەبێ بەتایبەتی لەلایەنی ڕۆشنبیرییەوە.

## دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

کات گونجاو نییە بۆ بڕیاردان، بۆیە پەلە مەکەو زیاتر لێکۆڵینەوە لەکێشەکان بکە تا چارەسەری باشیان بۆ دەدۆزیتەوە، چەند ساتێکی خۆش لەگەڵ هاوڕێکەتدا بەسەردەبەیت.

## کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

هەوڵبدە دڵەڕاوکێت کەم بکەیتەوە کە ماوەیەکە بەسەرتدا زاڵە، ناخۆشییەوك ڕووت تێدەکات بەڵام کاریگەری خراپی نابێت، کات گونجاوە بۆ جێ بەجێ کردنی پڕۆژەکانت، خۆشەویستەکەت چاوەڕێی تۆیە پەیوەندی پێوە بکە.

## گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

بڕێك پارەت بەدەست دەگات، لەلایەنی سۆزدارییەوە بەگەشبینییەوە سەیری خۆشەویستەکەت بکە لەبە ئەوەی خۆشەویستەکەت نیەت پاکی خۆی پێ ڕاگەیاندووی.

## گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

باری داراییت بەرەو باشی دەچێت و هەست بە ئارامبەخشی دەکەیت، هەندێك لە هاوڕێکانت سەرکەوتنەکانت دەسەلمێنن، لەبواری سۆزدارییەوە کات لەبارە بۆ پڕۆژەیەکی یەکتر ناسین.

## نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

لەو پڕۆژەیەی کە ئەنجامەکەی لات دیار نەبوو قازانجێکی باش دەکەیت، لەبواری سۆزدارییەوە لێ مەگەڕێ غرووری و لووت بەرزی ڕاستییەکانت لێ بزر بکات، گەر دڵت بۆ خۆشەویستەکەت بکەیتەوە سوودمەند دەبیت.



## نوکتە

■ جارێکیان (٤) هاوڕێ شەوێك بەیەکەوە دەبن و هیچیان پارەیان پێ نابێ، دەیانەوێ بچنە شوێنێك، دەڵێن وا باشە تاکسییەك ڕابگرین و کە گەیشتینە شوێنی خۆمان هەر یەکە لە تاکسیەکە ڕادەکەین و خۆمان لە شوفێری تاکسییەکە ون دەکەین، ئەوانیش وایان کرد و کە گەیشتنە شوێنەکە، هەر یەکە ڕادەکات و لە شوێنێك کۆ دەبنەوە، ئەو کاتە هەر یەکە پرسیار دەکا، دەبێ شوفێرەکە چی بکات، لە ناکاو یەکێك لەلایەن دەبێ و شوفێرەکەیە و دەڵێ: کاکە من شوفێرەکەم بەس نەمزانی ئێوە لەبەر چی ڕاتان کرد، هەندێك مابوو دڵم بوەستێ.

## وێنە و بیر کردنەوە



لەم وێنەیەدا کچێك و مەلەوانگەیەك دەبینرێن، هەوڵبدە دروستی وێنەکە بزانی کە چۆنە و چۆن گیراوە !



## وتەی ناوداران

**- ئەبراهام لینکۆڵن بۆ ژیان و هەڵە دەڵێ:**

ئەگەر کەسێك پێی وابێ کە لە ژیانیدا هیچ کات تووشی هەڵە نەبووە، با بزانێ کە هیچ کات لە ژیانی بەدوای شتی تازەوە نەبووە.

## زاخـــاوی مێشک



بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شیکارە بدۆزیتەوە..

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بکەرەوە کە لە کۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، بەسوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ئەشق بە شێوەزاری کرمانجی)
- پیتی خانەکانی (٣+٤) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ژمارەیەکە جارانی خۆی بکەی ٨١ دەردەچێ)
- پیتی خانەکانی (٥+٢) کۆبکەیتەوە بە مانای (٣ جاران ١٠ دەکاتە چەند)
- پیتی خانەکانی (٣+٢+٥)کۆ بکەیتەوە بە مانای (کۆمپانیایەکی جیهانی ئەلیکترۆنیی ژاپۆنییە)

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (**سیروان**) بوو

# ئەوە مۆڵە یان کەشتی؟!

هەمیشـــە دەزانین بازاڕی گەورە و مۆڵ، شـــوێنێکی گەورەیە لە جێگەیەکی تایبەت دروســـت دەکرێ و بە سەدان فرۆشگا و دووکانی تێدایە، خەڵکیش بۆ کڕینی پێداویســـتی و شـــتومەك ســـەردانی ئەو شوێنە گشـــتیانە دەکەن، ئەوەی بیانەوێ دەستیان دەکەوێ و دەیکڕن. لەلات سەیر نەبێ، ئەگەر ڕۆژێك تۆیان بردە ناو کەشتییەکی گەورەی زەبەلاح، لەوێشـــەوە هەمان دیمەن و دیکۆری مۆڵ و بازاڕی گشتی بێتە پێـــش چاوت، چونکە ئەوە یەکێکە لـــە داهێنانی خەڵکی چین. ئەو بازاڕە گەورەیە لە شـــێوەی کەشـــتییەکی دەریا دروست کراوە، لە ناوەڕاستی شاری هۆنگ کۆنگە. ئەو کەشتییە بازاڕە، هەموو شتێکی تێدایە، تەنانەت هۆتێلێکی بچووکیشی تێدایە، جگە لەوەی شوێنێکە بۆ بازاڕکردن و شـــت کڕین، هەروەها فرۆشگا و مەلەوانگە و سینەماشی لێیە بۆ گەشتیاران و خەڵك.



# جلی کوردیی منداڵان

ئەم ڕۆژی ســـاڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە! پەندێکی جوان و بەســـتەیەکی خۆشـــی گۆرانییەکـــی هونەرمەنـــدی گەورەی کورد (حەســـەن زیرەك)ە، بەرەو جەژنی نـــەورۆز دەچین، ئیدی خەڵك بە جلی کوردی و جوانەوە ڕوو لە دەشت و دەر دەکەن، گرنگی بەو پۆشاکە نەتەوەییە دەدەن. ئەو یادکردنەوەیەش هەر تەنیا بۆ پیـــاوان و ئافرەتـــان نییە، بەڵکو منداڵانیش بەشـــداری ئـــەو بۆنە و یادانە دەکەن، بە جلی جوانی کوردی، بە کلێتە، کڵاو، پشـــتێن، فەرەنجی و کولەباڵ، خۆیان پۆشتە و جوان دەکەن، ئەوەی لەم دوو وێنەیەدایە، دوو کوڕی کوردن، هێز و بازووی داهاتوومانن، بە جلێکی جوانی کوردی خۆیان بۆ جەژنی نەورۆز ئامادەکردووە.



